مەراقی پەروەردەو شتی دیکەش

بەشی چوارەم:

بەردەوام قسە لەسەر ئازادی و دێمۆکراسی و دادپەروەری و وڵات پارێزی دەکرێت، لەهەر هەموو کەناڵەکانەوە، بەڵام زۆربەمان وێنەو ئایدیایەکی لێڵ و تەم و مژاوی و نادروستمان هەیە لەوەی چۆن چۆنی پەروەردەیەکی دێمۆکراتیانە هەڵخزێنین، چاندنی رۆحی یەکسانی و دادپەروەری دەنێو نەوەکاندا گرنگترە لە وانەکانی فیزیاو کیمیاو جوگرافیا... هتد، قوتابخانە تاکە دەزگایەکە کە رۆحی رەگەزپەرستی و جیاوازی نێوان مێ و نێر، هەژار و دەوڵەمەند، رەش و سپی، مەزهەبەکان و ئاینییەکان بنەبڕ دەکات، هەر هەمووان مەرجە هاوڵاتی سودبەخش بن، تاکە ناسنامەیەکی راستەقینەش هاوشاری بوون و هاوڵاتیبوونە، جێگەی داخە کە هەتا لە قۆناغی خوێندنی باڵاشدا تاهەنووکە نەمانتوانییوە کوڕ و کچەکان خاوەن ویست و دەنگ و رەنگی خۆیان بن، ئاخر خودی مامۆستاکانی زانکۆ بەنێو سیستەمی پەروەردەو فێرکردنێکدا تێپەڕین کە ئامادەیانی نەکرد کە ئەزموونی دێمۆکراسییەکی بونیاتنەرانە بکەن، پرۆگرامەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی و زانکۆ لێك ترازاون و هیچ پەیوەندییەکی ئۆرگانی لەنێوان ئەو قۆناغانەدا نییە، لە هیچ قۆناغێکدا گەڕانەوە بۆ ناو کۆمەڵگاو تێگەیشتن لە پێویستییەکانی تاك و گروپەکان و کۆمیونتی لە ئارادا نییە، پۆلەکان کۆمەڵێك ژووری داخراون کە هەرگیز دەرگاکانیان بەڕووی ژیان و کێشەکانیدا ناکرێتەوە، لەهەموو دونیادا چاوەڕێ دەکرێت زانکۆ کۆمەڵێك بنکەو سەنتەری لێکۆڵینەوەی هەبێت بۆ خوێندنەوەی هەرهەموو کێشەو گرفتە رامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، کەچی لەم قۆناغەدا بەتەواویی قوتابیانی زانکۆ لە خۆیان و بە کۆمەڵگا نامۆ دەبن، نەك زانستە پەتی و سروشتییەکان، بەڵکو رێکدەوێت مامۆستایان و قوتابیانی زانستە ئینسانییەکانی ناو زانکۆکانی ئێمە بگەڕێنەوە ناو کۆمەڵگاو ئەوەی کە دەنێو دووتوێی کتێبەکاندا وەك کۆمەڵێك تیۆرە خوێندوویانە لەرووی پراکتیکییەوە  بۆ خوێندنەوەی کۆمیونیتییەکاندا بەکاری بهێنن، زۆرن لە دەرچووانی دەروونناسی و کۆمەڵناسی کە نەك گەڕەکەکەی خۆیان، یان خانەوادەکەی خۆی، بەڵکو ناتوانێت خۆشی بخوێنێتەوە، پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە ئایا ئەو تۆرانە گەورەیە چییە کە لەنێوان خەیاڵ و واقیعدا؟ لەنێوان لەزەت و هونەر و ئەدەب و فیکردا؟ بۆچی هەرچی پەیوەندی بەرۆح ناسین و شناسی خۆمانەوە هەیە لە پرۆگرامی خوێندندا دەرکراوە؟ بۆچی لە پرۆگرامەکانی ئێمەدا رێزێك بۆ سروشت و ژینگە دانەنراوە؟ وڵاتێکە خوێن و ئاگر و ئاسن بەڕێوەی دەبات و کەچی بەرنامەکانی دژ بەتوندووتیژی و ئاشتی و لێبوردن و بەخشندەیی هەر لە سەرەتاییەوە تاوەکو زانکۆ تا ئەم یەك دووساڵەی دواییش بەنامیلکەو سیپارەیەکیش نەخرابوونە ناو رشتەی خوێندنەوە، ئەوەیان چ فەلسەفەیەکە کە لە پەروەردەی کوردی و عێراقیدا کاری کردووەو بڕوای تەواوی بەوە هەبووە زانست و هەر مەعریفەتێکی مرۆڤناسی دووربێت لە خۆشی و لەزەت و گەشاندنەوەی رۆح؟ بۆچی زانستەکان، بەهەر هەموو لقەکانییەوە هیچ برێك لە جوانناسی تێدا نییەو تاڕادەیەکی کینەو تۆران غەمگینمان دەکەن؟ بۆچی پەیوەندی

نێوان مامۆستاو قوتابی بەندە لەسەر ترس و شەرم و تۆران و گومان و یەکدی بەزاندن و رق و مڕو مۆچی؟ ریفۆرمی راستەقینە لەئێمە دەخوازێت کە وەڵام بەدەیەها پرسیاری لەو جۆرە بدەینەوەو لە گۆڕەپانی کارو چاکسازیدا دۆخێکی جوانتر و مرۆڤپەروەرانە بکەین بە ئامانج، هەڵبەتە نەخشەو ستراتیژمان گەرەکەو سالانێکی دووروو درێژی لەئێمە دەوێت کە وەك سوپایەك بجەنگین و لەبردنەوەو سەرکەوتن کەمتر نەخوازین، هەر بۆ نموونە ژمارەیەکی کەم و زۆر لە پەروەردەناسەکان دەزانن کە چەندین شێوەو پێکهاتەی ستەم و چەوساندنەوەو توندوتیژی رەنگرێژی ژیانی ئێمەیان کردووە، چ دەنێو ژیانی رامیاری و چ دەنێو ژیانی کۆمەلایەتیماندا، کارگەی ئەو ستەم و قەهرو چەوساندنەوەو توندوتیژییە بەر لە هەر شوێنێك لەماڵەکانەوە دەست پێدەکات، هەمان ئەو کارەکتەر و ئەکتەرانە دەنێو ماڵەکاندا کە لە دۆخێکی وا پڕ لە شەڕانگێزیدا دەژین دەچنەوە ناو قوتابخانەکان، کەهیچ پرۆگرامێکی تۆکمەو دامەزراوە نەبێت بۆ بنەبڕکردنی رۆحی شەڕانگێزی و چەوساندنەوەی یەکدی، وانەکانی سایکۆلۆژیا پێ بە پێ لەمناڵییەوە تا پیر دەبین ئاشنامان نەکەن بە رەگ و ریشەی ستەم و چەوساندنەوەو دەمارگیری و نێرفۆزەیەکی ئەبەدی و کار و بەرنامەش نەبێت بۆ چارەسەرکردنی، چ بە هەڵڕشتنی سەدەها باس و لێکۆڵینەوە، لە پاڵ راهێنان و مەشقی پراکتیکی، بەتایبەتی دەنێو قوتابخانەکاندا، هەڵبەتە مانەوە لە دۆخێکی وادا وامان لێناکات ئەم بارە ناهەموارە تێپەڕێنین، لێرەدا قەرزکردن لەو میللەتانەی بەهەمان دۆخی ئێمەدا تێپەڕیوون و بەتایبەتی ئەزموونەکانی گۆڕانی پەروەردەو فێرکردن لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە لە زۆربەی ولاتانی ئاوروپا بەرچاومان رۆشنتر دەکات و، دەبێت بە جۆرێك لە پەیڕەونامەی کارکردن، گەر هەمووشی نەبێت، چەندین برگەی وای تێدایە کە بەکەڵکی ئێمە بێت، سەرەڕای کەڵك وەرگرتن لە تواناو بەهرەی ناوخۆ و لۆکاڵی سەبارەت بەم خەونی گۆڕانە، هەڵبەتە لە رۆژئاواش گۆڕانی سیستەمی پەروەردەو فێرکردن لە سیتەمێکی دیمۆکراتی و لیبراڵ سالانێکی زۆری گەرەك بووەو هەمیشە لە گۆڕان و چاودێریکردن و بژارکردن و لێ لابردن و خستنە سەر بووە، چونکە بواری پەروەردە تاکە گۆڕەپانێکە وەستان و تەمبەڵی و سستی وبێباکی دەیکا بە قاقڕو بیابان، هەمیشە گومان و پرسیاری تازە داینەمۆی کارکردن و گۆڕانی گەورەو ئومێدبەخش بەدوای خۆیەوە دەهێنێت.

ئەوەی لە قوتابخانەکانی ئێمەدا بەر کەماڵە تێکەڵە لە میراتی حوجرەو عەقڵی عەسکەری کە هەنووکە بەسەرەتای گومانێك گەیشتووین کە هانمان بدات بۆ پێشوازی لە ریفۆرمێکی راستەقینە، ناشکرێت ئەوە لە یاد بکەین کە ژمارەیەکی قەبەش هەن، دەنێو هەموو چین و توێژەکاندا، بەخوێندەوارو نەخوێندەوارەوە، کەیان بڕوایان بە هیچ گۆڕانێك نییە، یان وەك خەسڵەتی مرۆڤی کڕکەو تووڕە لەسەرمیراتی کۆن... قەدەر گەراو زەندەقچوو لەبەردەم هەر گۆڕانێکی گەورەو بچوکدا، هەرهەموو هەوڵی خۆیان تەرخان دەکەن بۆ رکەبەری و دژ وەستان لەبەرانبەر هەر پرۆژەو خەونێکدا،جگە لەوەی کە خەڵکانێکی واش هەن کە هەر گۆڕانێك لەگەڵ سوود و قازانج و بەرژەوەندی مادی و مەعنەوی ئەوان یەك نەگرێتەوە، شیاوی گومان و هەڵوەشاندنەوەیە جگە لە رۆحی سست و تەمبەڵ و مردووی ژمارەیەکی زۆر

لە ئێمە کە بووە بە خەسڵەت و خوو کە لەوەدا جۆری پەروەردەکردن لەسەر کوشتنی ئەو ڕۆحە لە ماڵەکان و مزگەوتەکان و قوتابخانەکاندا برەوی هەبووە، کە زۆر جاران ڕۆژهەڵاتناسەکانیش کە هاتوونەتە ئەم دەڤەرو ئاقارانە تێبینی ئەو ڕۆحە سست ومردووانەیان کردووە کە گەلێك هۆکار خولقاندوویانە کە لێرەدا جێگەی باسی ئێمە نییە، وێڕای ئەوەش کە گۆڕان لەهەر بوارو کایەیەکی فیکری و رامیاری و ئابووری و پەروەردەیدا بێت هێزو خۆتەرخانکردن و ماندووبوونی گەرەکە، سەرباری ئازایەتی و سەرکێشی ملنەدان کە دیسانەوە مەحاڵە ئەو سوپا ئازاو خاوەن ویست و ئیرادەیەت دەست بکەوێت، چونکەمانەوە لەسەر شتە کۆنەکان ئاسانترو خۆشتر بەحوکمی ڕاهاتن و ئاشنابوون بەهەموو وردەکارییەکانی ئەو بارو دۆخەی دەیەها ساڵە وزەوتوانایەکی دیاریکراو و سنورداری لە ئێمە ویستووە، مانەوە لەسەر دەقە کۆنەکان مەترسی تێدا نییە، ئارامی و خۆشنودییەکی تێدایە، دەقاو دەق لە دۆخی کەسێکی کۆیلەو بەندەوار دەچێت کە دەستبەرداری ئازادی بووەو بەتەواوی خەونی رزگاربوونی تەڵاق دابێت و بەوەش ئارامییەکی دەست کەوتبێت کە لە ئارامی مردووەکان دەچێت کە ئیتر نەلەزەت و خۆشی دەبینن و نەئازار دەچێژن، بێ شەرم و دوو دڵی دەیڵێم لەماوەی سێ ساڵی ڕابووردوودا ژمارەیەکی یەکجار زۆر لەو کارەکتەرانەمان بینی کە هەموو جۆرە گۆڕانێك دەیترسێنێت، ئەم قسەیە هەر بەتەنها بواری پەروەردە ناگرێتەوە، بەڵکو لەنێو زۆر بوارو کایەی دیکە ئەو ترس و تۆقینە هەیە کە هەموو خەون و هەوڵ و ویستێك بەگۆڕان پەکدەخات هەر ئەو ترسە وا دەکات کە بیر لە گۆڕان نەکەیتەوەو هەر هەموومان لە یەك بچین، هەر هەموومان وەکو یەك بیر بکەینەوە کە دواجار وای لێدێت کە بیر نەکەینەوە، چونکە تەنها جیاوازی دروستکردن و یەکدی قەبوڵکردن مانایەکی سیاسی و مۆڕاڵی هەڵدەگریچت بە کارکردەیەکی دێمۆکراسی، پەروەردەی ئەم وڵاتانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و عەرەبی و ئیسلامی بەتایبەتی کارکردنە بە دروستکردنی مرۆڤەکان لەسەر هەمان شێوەو ناوەڕۆك، ئێمەش وەکو کورد، بەحوکمی نەبوونی قەوارەیەکی سەربەخۆی سیاسی پەیڕەوی فەلسەفەی ئاغا و داگیرکەرەکان دەکەین کە هەتا لەبەکارهێنانی زمانی خوێندن و نووسین و بیرکردنەوەدا کەوتینە دوای زمانی ئاغاکان و دەسەڵاتداران کە زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی بوو، هێشتا زۆرن دەنێو ئێمە کە نوسین و بیرکردنەوەو قسەکردن بەو سێ زمانە مایەی شانازی زۆرترە لە نووسین وقسەکردن بە کوردی، هەمیشە مێژووی کۆیلەبوون و داگیرکاری لەسەر ئاستی هەموو جیهاندا پێمان دەڵێت کە کارەکەرەکان و خزمەتکار و کۆیلەکان ناچار بوون بکەونە دوای زمانی گەورەو ئاغاو خاوەنەکانیان، هەتا هەنووکە کە تورکیا زمانی کوردی قەدەغە کردووە، وەك داگیرکار دەزانێت چ دەکات، چونکە تورك بوون و کوردبوون و عەرەب بوون بەر لەهەر شتێك دۆخ و گەمەیەکی ئازادە لەناو زماندا، هیچ فیکرو بیکردنەوەو میراتێکی ڕۆحی و هێزو جوانییەکی ناو هەر کلتوورێکی تایبەت بە میللەتێك و تاکە کەسەکان لە دەرەوەی زمانێکی تایبەت بەخۆت مانای نییە، بێ هۆ نەبوو سەدەها کەس لەسەر چڕینی سروودی (ئەی رەقیب) کوژراون، دادگایی کردنی منداڵانی کورد لەلایەن دادگاکانی تورکیا لەسەر چڕینی سروودی( ئەی رەقیب) لەدەرەوەی وڵات و لەناوەوە هێماو بەڵگەیە کە سەرەتای هەڵگەڕانەوەو خۆجیاکردنەوە لە سروودێکەوە، لە ئاڵایەکەوە، لە

پۆشاکێکەوە دەست پێدەکات، جیاکردنەوە بەمانای رەگەز پەرستی و خولقاندنی رۆحی ئۆڤێنیستی نییە، تەنها مافێکی سادەیە بەوەی کە من کەسێکی دیکەم زمان و سروودو ئالاکەو بەرگەکەم جیاوازە، کە تا هەنووکە هەر هەموو ولاتە زۆر دیمۆکراتی و لیبرالەکان پەیرەوی لێدەکەن، لە گەمەیەکی فتبۆلێن و دۆڕان و بردنەوەیەك ئاشکرا خۆی دەردەخات، نووسینی شیعر بە عەرەبی و تورکی و فارسی لەلایەن شاعیرە کلاسیکیەکانمانەوە هەر بەتەنها نواندنی بەهرەو توانایەکی ئەدەبی نەبووە، بەڵکو رۆحی مەزن و سەردەستەیی داگیرکارە کە وای لەو شاعیرانە کردووە رکەبەری و پێکۆڵی ئەو گەمە ئەدەبییە بکەن کە هەندێکجار جۆرێك لە تەحەدای تێدا بووە لە بەرانبەر ئاغاکانی خۆیاندا، خودی گەمەی سیحر ئامێز و توانای لەرادەبەدەری (سەلیم بەرەکات) وەك رۆماننوسێکی(رۆژئاوای کوردستان) کە بەعەرەبی یان سوری دەنووسێت تا ئەوپەڕی تەحەدایەکی ئاشکرا یان شاراوەی تێدایە، ژمارەیەك لە نووسەرانی عەرەب سەلیم بەرەکات بە کودەتاچییەکی ناو زمان و ئەدەبی عەرەبی دەزانن، هەندێکیان گومانی لێدەکەن و هەندێکیان سەرسامن، یەکێك لەو سەرسامانە (محمود دەروێش)ە، کەوتم رۆماننوسێکی (سوری)یە یان کوردێکی کوردستانی رۆژئاوا یان رژئاوای کوردستان بەتەنها یەك مەبەستم هەیە ئەویش رێك نەکەوتنە لەسەر ئەوەی من وتۆو سەلیم بەرەکات چەندە دەنێو جوگرافیاو مێژوویەکی شێواودا دەژین، چەندە لە سادەترین گەڕانەوە بۆ ناسنامە دەنێو زمانداو لە واقیعدا دووچاری پشێوی دەبین، گەر سەلیم بەرەکات کە بەعەرەبی دەنووسێت و یەشار کەمال بەتورکی عەلی ئەشرەفی دەروێشیان و ئیبراهیم یونسی بەفارسی خەلاتی نۆبل وەربگرن وەك نووسەری سوری و تورکی و ئێرانی دەناسرێن، لەوەدایە لە ژیاننامەکەیاندا ئاماژە بە کوردبوونیان بکرێت، لەت و پەتبوونی کورد لەسەر ئاستی جوگرافیاو فرێدانی بۆ دەرەوەی مێژوو، بێ بەرنامەیەکی خۆمان و نەبوونی ئیرادەی سیاسی و رابوونێکی نەتەوایەتی و نەبوونی ئەخلاق لەسەر ئاستی سیاسەتی هەرێمایەتی- ئیقلیمی- و جیهانی سەراپاگیر، بە ولاتانی رۆژئاواوە کە بانگەشەی دیمۆکراسی و مافی مرۆڤ و رۆحی لیبرالیزم دەکەم وایکردووە کە کورد لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکدا داوای خوێندن و نووسین بکات بە زمانی خۆی... لەسەر خاکی خۆی. نموونەی شاعیرە کلاسیکییەکانی کورد کە بەعەرەبی و فارسی و تورکی شیعریان نووسیوە ئەو پرسیارەمان لەلا دروست دەکەن: ئاخۆ بۆچی شاعیرانی عەرەب و تورك و فارس لەهەمان رۆژگاردا بە کوردی شیعریان نەوتووە؟ بۆچی مندالانی کورد مەرجە لەسەریان بەیانیان دەنێو قوتابخانەکاندا سروودی داگیرکەرەکانی کوردستان بچڕن.

نەهامەتی سیاسی و پەروەردەیی لێرەدا کۆتایی نیاەت، بەڵکو گرفتی گەورە لە رۆحی پەرش و بلاوی کورد خۆیەوە هاتووە کە حیزبەکان لەدوای راپەڕینەوە هەریەکەو لەو شارو گوند و دەڤەرەی کە داگیریان کردبوو خاوەنی سروودی جیاواز بوو، پارتی و یەکێتی و حسك و سۆسیالیست و حیزبە ئیسلامییەکان هەریەکەو بۆخۆی خاوەنی قەوان و ئاوازو سروودی خۆی بوو، سروودی (ئەی رەقیب) هەتیوو و تەنیا کەوت، هەر حیزبەو شاعیرو ئاواز بەخشی سەر بە دیوەخانەکەی خۆی هێنایە پێشێ، هەریەکەو رەمزی تایبەت بەخۆی هێناو سەپاندی، زۆربوونی سروودو فرە رەنگی پەڕۆکان دەمانبەنەوە ناو رۆحی زۆر خنکاوی تیرەو هۆزو

خێڵەکان، کۆبوونەوە لە دەوری تەنها زمانێك و رەمزێك هەتا گەر سوردێك بێت لە پێشکەوتووترین وڵاتی جیهانی ئەمڕۆکەدا مانای خۆی هەیە، هاوارو تووڕەبوونی سیاسەتبازەکانی خۆمان لەوەی کە ئەم نەوە تازەیە ئەم وڵاتە بەهی خۆی نازانێت و گوایە (ئینتیما)ی نییە بۆ کوردستان، تاوانیارکردنێکی بێ بناغەیە، چونکە ئەم نەوەیە کە گەر کچێك یان کوڕێکی تەمەن شازدە و حەڤدە ساڵ بێت بەواتا لە راپەڕین لەدایك بووەو گەرتەمەنی لەنێوان بیست و سێ ساڵدا بێت هەر نەوەی راپەڕینە، چونکە ئەو رۆژگارە یان منداڵ بووە یان کچێکی پارچەلەو کوڕیژگەیەکی موولێنەهاتوو، دەنێو قوتابخانەکانی ئەم وڵاتە خوێندوویانە کە دەکرا فێری خۆشەویستی ئەم خەڵك و خاکە بکرێت، دەکرا دوای دەرچوونیان لە پەیمانگاو کۆلێژەکان ساڵ و مانگ لەنێو سوپایەکی کوردستانیدا ببن بە سەرباز خۆشەویستی نیشتمان بەتەنها لەبەرکردنی سروودەکان نییە، بەڵکو وەڵامدانەوەیە بە خۆزگەو حەزو ئاواتی ئەو کچ و کوڕانە، گەر ماڵەکانیشیان جەهەننەم بن، دەکرێت قوتابخانەکان لە بەندیخانەو قەسابخانە نەچن، کە هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار بیر لەوە بکەنەوە میلیشیاو چەکدارو پێشمەرگەو پۆلیس و زێرەڤانی تایبەت بە خۆیان هەبێت و لەشەڕی یەکوی کوشتندا هانیان بدەن بۆ براکوژی و خۆ کوژی، کە ئینتما و خۆبەستنەوە بە حیزب وەك خۆبەستنەوە بەخێڵ و بەرەباب وابێت، کە پارتی و یەکێتی دوای حەڤدە ساڵ و تا هەنووکە مشت و مڕیانە (وەزارەتی پێشمەرگە) و (وەزارەتی ناوخۆ) و (وەزارەتی دارایی) یەك دەگردنەوە یان نا، گەر ئەوان بۆ خۆیان بەرۆحی نیشتمانی و کوردستانی سەربازخانەو سوپایەکی کوردیان نەبووبێت کە دیارە گەر ئەم نەوە تازەیە لەو سوپایەدا سەرباز بن، مەحاڵە لەپێناو خەونی پاوانخوازی و خێڵەکی حیزبەکاندا دەست بەرن بۆ تفەنگەکان و یەکدی بکوژن، لێرەدا و هەنووکە گوناهی سیاسەتبازەکانی کوردە یان ئەم نەوە تازەیەی دوای حەڤدە ساڵ و لەسایەی بێ بەرنامەیی و بێ پرۆژەو خەونی حیزبەکان وێڵ و سەرگەردان ماوەنەتەوە؟ هەربۆیە گەر بمانەوێت نوشوستی حیزبەکان و دەسەڵاتدارانی سیاسەتی کوردی بخوێنینەوەو بێ سەوربەری و نەبوونی پرۆژەو خەون کە ئەم نەوە تازەیە تووڕە تر دەکات راستترین وەڵام و بەڵگەیە، ئاخر حەڤدە ساڵە دەزگاکانی پەروەردە لەزۆربەی شارەگەورەکان و شارۆچکەو گوندەکاندا بەدەست ئەو دوو زلحیزبەوە بوو... فەرامۆشکردنی ئەو دەزگایە نەوەیەکی تووڕەو بێ ئومێد و داخدارو تۆراوی خولقاند.